# بەرێوەچوونی اعدام ،تاوانێکی گەورەی سەردەمی بەربەریەتە

## چاوپێکەوتنی دەشتی جەمال لەگەڵ کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بەریتانیا

سەدام ئەمرۆ اعدام کرا ،ئێوە و پەنابەرانی عیراقی چۆن لەو بارەیەوە فکر دەکەنەوە ؟

سەدام حسین گەورەترین تاوان بارە بەرامبەر بە مرۆڤایەتی پێویست بوو لەدادگایەکی نیو دەولەتی دادگای بکرێت و سزای خۆی وەربگرێ وەك هەر تاوان کارێك ،بەڵام ئەوەی ئەمرۆ لە شاشەکانی تەلەفزیوونەوە بەپێش چاوی منداڵ و هەموانەوە نیشان درا بەراستی تاونێکی گەورەیە بە هەقی ئینسانیت ،اعدام و حکومی اعدام و مەقسەرەو مل برین سەدان سالە فریدراوەتە زبڵدانی میژووە بەداخەوە جارێکی تر بە پەت کردنە ملی سەدام ئەو میژوو رەشەیان هێنایەوە بیری بەشەریتی ئەمرۆ.

رێگا بدە راستێکانی پشتی اعدامی سەدام بڵێم ئەوەی بەرێوە چوو سیناریووی داگیرکاری ئەمریکا بوو،ئەمریکا و سیاسەت و ستراتیجەکەی لەعیراقدا شکستی خواردووە لە دامەزراندنی حکومەت و دابین کردنی ئەمنیت...ئەمجارە بە اعدامی سەدام گەرکیتی شەرعیت دان بەحکومەتی دەسکەلای خۆیان وقانوونەکەیان .. شکستەکانی خۆیان بەردەپۆش بکەن .

ئەوەی ئێمە دەمان وویست سەدام وەك هتلەرو موسولونی ..وەك تاوان بار بەرامبەر بە بەشەریت بناسرێت ،بەلام بەراستی ئەوان سەدام یان کرد بە( قارەمان) ئەوانەشی نەفرەتیان لێ دەکرد فرمیسکی بۆ برێژن ،سەدام کرایە وەرەقەیەك لە بەرامبەر ناسیونالیزمی عەرەب و ئیسلامی سوونی .

ئێوە ئاگادارن ماوەی 9 مانگە ئەمریکا لیژنەی خۆی بەناوی (بیکەر–هاملتۆن) ناردەوە عیراق تا یەکگرتووی ئەمریکاو ریگایەك بۆ دەرباز بوون لەشکستەکانی خۆیان پەیدا بکەن ..ئەمریکا دەیەویت ئەم جارە بەعسەیەکان و ناسیونالیزمی عەرەب بهێنیتەوە سەر شانۆ و ئیمتیازیان پێ بدات.

سەدام و هەمووئەوانەی ئیستا ئەو سیناریوو یە دەگێرن تاوان باران و تاوانیان کەمتر نی یە لەسەدام حسین،من دژی بەرێوە چوونی حکومی اعدامم لەهەر شۆێنێکی ئەم دنیا یە بێت .

با شه شیعەكان اعدامی سەدامیان پیٚ خۆشه ئیٚوه دەلیٚن چی؟

مەبەستت كام شیعەیه ئەم تەقسیم بەندی یه لەكۆ یەوه هاتووه بەراستی ئەمه تەقسیمی درۆزنانەی ئەمریكاو ئەو دەستەو تاقمەیه كه لەسەرەوه لەگەل ئەمریكان وه لەژیرەوه دەستیان هەیه لەكوشت و كوشتاری خەلّك ،ئەم تەقسیم بەندیه و داتاشینی هەویت بۆ ئینسانەكان ، سیناریووی ئەمریكاو ئەوانەیه كه قازانجیان لەو بارودۆخه هەیه پاشان سەبارەت به پرسیارەكەتان

سەدام له چەند سالٓ دەسەلاتی رەشیان تاونی گەورەیان ئەنجام داوه بەرامبەر به هەمووی خەلّكی عیراق، خەلّكی كورد گەورەترین تاوانی لەلایەن ئەم رژیمەوه بەركەوتووه ،سەدام هەروەك باسم كرد گەورەترین تاوان كاره ئیٚمه هەمیشه لەریزی پیٚشەوەی داگایكردنیٚكی عادلانه بووین بۆ ئەم تاوان كاره بەلام ئەوان و ئەم دادگای كردنه یان هیچ سیفەتیٚكی داگای كردنی تیا نەبوو ئەوانەی خۆیان خەریك بوون دادگای دابنیٖن خۆشیان تاوان بارن لەگەلٓ بۆش و بلیٖر لەخولقاندنی شەری مەزهەبی و تایفەگەری و لەخۆین هەلّكیشانی كۆمەلّگای عیٖراق ،ئەوان بەداگیٖركاری خیٖرا عیٖراقیان بەسەر چەند شعبەی مەزهەبی و قەومی دابەشكرد لەناوچەرگی ئەوروپا بینیتان یوگسلافیا چیلیٚهات كەس بیٖردەكردەوه رۆژیٚك لەرۆژان كراوتی و بۆرسنی ...بكەنەونه گیانی یەكتر،به پیٚچەوانه ئیٚمه خوازیاری هاتنه سەركاری دەسەلاتیٚكی عەلمانی غەیره قەومی غەیره دینیٖن لەعیرقدا دەسەلاتیٚك كه حكومی اعدام جیگای تیا نەبیتەوه.